# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

| ژمارە (٦١) | ٢٠٢٤ |

KURDISH ACADEMY
ئەکادیمیای کوردی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

• ژمارە (٦١) • ٢٠٢٤ •

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر:
پ.د. کاروان عومەر قادر
بەڕێوەبەری نووسین:
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
- پ.د. قەیس کاکل تۆفیق
- پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر
- پ.د. بەختیار سەجادی
- پ.د. فەرهاد قادر کەریم
- پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف
- پ.ی.د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
- د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاویژکاران:-
- پ.د. میشێل لیزەنبێرگ
- پ.د. مارتن ڤان برونسن
- پ.د. جەلیلی جەلیل
- پ.د. ساڵح ئاکین
- پ.د. جەعفەر شێخولئیسلامی
- پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك
- پ.د. هاشم ئەحمەدزادە

هەولێر - شەقامی هەڵەبجە

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# كاریگەریی تاوانی ئەنفال لە سەر ژنانی بەجێماوی سنووری قەزای چەمچەماڵ (١٩٨٨-٢٠٠٠)

## لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی بەراوردكار

م. ی سۆزان كەریم ساڵح
بەشی پەروەردەی تایبەت/كۆلێژی پەروەردە/
زانكۆی چەرموو
sozan.salih@charmouniversity.org

م. ی هەژار هۆشیار مەهدی
بەشی كارگێڕی/كۆلێژی كار/
زانكۆی چەرموو
sozan.salih@charmouniversity.org

**پوختە:**

ئەنفال یەكێكە لەو تاوانانەی حكومەتی عێراقی دژی گەلی كورد لە باشووری كوردستان ئەنجامی داوە. ئەو تاوانە كاریگەرییەكی نەرێنیی لە سەر كەسوكاری بەجێماوی ئەنفال، بە تایبەت ژنان بەجێ هێشتووە، ئەم توێژینەوەیە ئامانجی خستنەڕووی تاوانی ئەنفالە و بارودۆخی سەختی ژیانی ژنانی بەجێماوی ئەنفالە، بە پشتبەستن بە سەرچاوەی زانستی و هەروەها چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەو كەسانەی كە خۆیان ڕزگاربووی تاوانی ئەنفالن، بەخێوكەری خێزان بوون.

ناوەرۆكی توێژینەوەكە لە پێشەكی و سێ بەشی سەرەكی و ئەنجام پێك هاتووە، هەر بەشێكی دابەشی چەند باسێك كراوە، لە بەشی یەكەمدا باسی مێژوو و جوگرافیای قەزای چەمچەماڵ كراوە، لە باسی دووەمدا زاراوەی ئەنفال و سیاسەتی حكومەتی عێراق لە ئەنجامدانی شاڵاوەكانی ئەنفال خراوەتە ڕوو، باسی ئەنفال وەكوو تاوانێكی نێودەوڵەتی كراوە، لە باسی سێیەم كاریگەریی تاوانی ئەنفال لە سەر ژنانی بەجێماوی سنووری چەمچەماڵ (١٩٨٨-٢٠٠٠) كراوە. لە هەر باسێكدا، لایەنی كۆمەڵایەتی و ئابووری و دەروونی ئاماژەی پێ كراوە.

لە ئەنجامدا دەتوانرێت بوترێت ئەنفال تاوانێكی بە بەرنامە و پلان بوو، ئامانجی حكومەتی عێراقی لەناوبردنی تاكی كورد و خاكەكەی و تێكدانی شیرازەی كۆمەڵگەی كوردی بوو.

كلیلەوشەكان: ئەنفال، چەمچەماڵ، ژنان، تاوان

**پێشەکی**

ئەنفال یەکێک بوو لەو شاڵاوە سەربازی و ئابووری کۆمەڵایەتییەی کە حکومەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٨دا لە ماوەی چەند مانگێکدا، لە شوبات تاوەکوو ئەیلوول، بە (٨) قۆناغی یەک لەدوای یەک دژی گەلی کورد لە باشووری کوردستان ئەنجامی داوە. ئەنفال هاوشێوەی هەموو تاوانە نێودەوڵەتییەکانە کە دژی گەلێک یاخود کەمینەئایینێک ئەنجام دەدرێت. وشەی ئەنفال لە "نفل"ەوە هاتووە، بە واتای زیادەدەستکەوت دێت و لە قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی پێ کراوە. بەکارهێنانی وشەی ئەنفال بۆ گەلێکی زۆرینە پابەند بە ئایینی ئیسلام، ناڕەواییەکی تر بوو.

شاڵاوی ئەنفال زۆربەی شار و قەزا و گوندەکانی کوردستانی گرتەوە، قەزای چەمچەماڵیش یەکێک بوو لەو ناوچانەی زیانێکی گەورەی ماددی و مرۆیی بەر کەوت، لە ئەنجامدا کاریگەریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونیی بە سەر کەسوکاری ئەنفالکراوان، بە تایبەتی ژنانی بەجێ هێشتووە.

**گرنگیی توێژینەوە**

بە پێویستمان زانیوە نووسینی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی لە سەر "کاریگەرییەکانی تاوانی ئەنفال لە سەر ژنانی بەجێماوی سنووری چەمچەماڵ (١٩٨٨-٢٠٠٠)، چونکە تاوانەکە زیاتر ژنانی کردووەتە ئامانج و کاریگەرییەکانی بەسەریانەوە دیار بوو. لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە هەوڵمان داوە بەشێک لە ئازارەکانی ژنانی بەجێماوی ئەنفال بخەینە ڕوو.

**ئامانجمان لە ئەنجامدانی توێژینەوە**

بەدەرخستنی ژیانی ژنانی بەجێماوی ئەنفالە، وەکوو بەشێک لەوانەی تاوانی ئەنفالیان بەرامبەر ئەنجام دراوە و لە دوای ئەنفال چۆن ژیاون.

**میتۆدی توێژینەوە**

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە میتۆدی توێژینەوەی وەسفیی شیکاری بەستووە، لە بەر ڕۆشنایی سەرچاوەکان، هەروەها شیکردنەوەی کاریگەرییەکانی تاوانی ئەنفال لە سەر ژنانی بەجێماوەی قەزای چەمچەماڵ.

**گرفتی بەردەم توێژینەوەکە**

ئەو گرفتانەی هاتوونەتە پێشمان، زۆربەی ژنانی بەجێماو نەیاندەویست باسی بارودۆخی ناهەمواری ژیانیان بکەن.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی، سێ بەش و ئەنجام پێک هاتووە. لە بەشی یەکەمی توێژینەوەکەدا ئاماژەمان بە کورتەیەکی مێژوویی و جوگرافیایی قەزای چەمچەماڵ کردووە. لە باسی یەکەمدا چەمکی ناوی چەمچەماڵ، سەبارەت بە ناوی چەمچەماڵ کۆمەڵێک بیروبۆچوون خراونەتە ڕوو. لە باسی دووەمدا، مێژووی دروستبوونی قەزاکە ئاماژەی پێ کراوە، لەگەڵ پێکهاتەی هۆز و ئایینی شارەکە. لە باسی سێیەمدا، سنووری جوگرافیای قەزاکە ئاماژەی پێ کراوە.

لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا ئاماژەمان بە تێڕوانینێک لە سەر بەکارهێنانی زاراوی ئەنفال و سیاسەتی حکومەتی عێراق لە ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال کردووە، ئەو بەشەش لە سێ باس پێک هاتووە: لە باسی یەکەمدا واتای زاراوەی ئەنفال لە چییەوە هاتووە لە ڕووی زمانەوانییەوە، لە باسی دووەمدا ئاماژەمان بە سیاسەتی حکومەتی عێراق کردووە کە چۆن ویستوویەتی لە ڕێگای شاڵاوەکانی ئەنفالەوە گەلی کورد لەناو بەرێت و بیانکاتە کەمینەیەکی بچووک لە عێراقدا. لە باسی سێیەمدا ئەنفال وەکوو تاوانێکی نیودەوڵەتی ئاماژەمان پێ داوە، جینۆسایدە و هەموو بڕگەکانی جینۆسایدی تێدا ئەنجام دراوە.

لە بەشی سێیەمی توێژینەوەکەدا، کاریگەریی تاوانی ئەنفال لە سەر ژنانی بەجێماوی سنووری چەمچەماڵ (١٩٨٨-٢٠٠٠) باس کراوە. لە باسی یەکەمی توێژینەوەکەدا لایەنی کۆمەڵایەتی خراوەتە ڕوو، بێگومان شاڵاوەکانی ئەنفال کاریگەریی نەرێنیی لە لایەنی کۆمەڵایەتی لە سەر کۆمەڵگای کوردی و بە تایبەت ژنان بەجێ هێشتووە. لە دوای لەدەستدانی باوک و برا و هاوسەر

و کەسـی یەکەمـی خێـزان، ژنـان بـوون بـە کەسـی یەکـەم و سەرپەرشـتی خێـزان و لـە کۆمەڵگـە دابـڕاون. هەروەهـا چاوەڕوانیـی هاوسـەرەکانیان بـوو بـە بەشـێک لـە ژیانیـان و دووچـاری چەنـد کێشـە و گرفتـی کۆمەڵایەتـی بوونـەوە. لـە باسـی دووەمـی توێژینەوەکـەدا لایەنـی ئابـووری ئامـاژەی پـێ دراوە و بارودۆخـی ئابوورییـی سـەختی ژنانـی بەجێـماوی ئەنفال خراوەتـە ڕوو کـە لـە دوای لەدەسـتدانی کەسـوکاریان لـە شـاڵاوەکانی ئەنفـال تووشـی بـوون لـە پەیداکردنـی بژێویـی ژیانیـان. لـە باسـی سـێیەمی توێژینەوەکـەدا لایەنـی دەروونـی، تێیـدا ئاماژەمـان بـەو بارودۆخـە دەروونییـە کـردووە کـە ژنانـی بەجێـماو لـە دوای ئـەو ڕووداوە ناخۆشـانەی بەسـەریان هاتـووە؛ تووشـی بـوون.

لـەم توێژینـەوەدا سـوودمان لـە چەندیـن سـەرچاوەی زانسـتی و چاوپێکەوتنـی ژنانـی بەجێـماوی ئەنفـال بینیـوە، لەوانـەش: ((فەرهـاد عەبدولعەزیـز، ناوچـەی چەمچەمـاڵ لـە نێـوان سـاڵانی هـەردوو شـەڕی جیهانیـدا (١٩١٨-١٩٣٩))، (ئومێـد خەتـاب وەهـاب، ڕاپەڕینـی ناوچـەی چەمچەمـاڵ (٣/٧-١٩٩١/٥/٤))، (یوسـف دزەیـی، ئەنفـال کارەسـات، ئەنجـام و ڕەهەندەکانـی، عەدالـەت عومـەر سـاڵح: ئەنفـال و ئافرەتـی کـورد)، (زۆزان نـاسر مسـتەفا، ئۆپەراسـیۆنێن ئەنفالـێ لـە کوردسـتان، دەرئەنجـام و کاردانەڤـە))، لەگـەڵ چەندیـن دیـدار، لەوانـەش مریـەم ئەحمـەد حەمـە خـان، نەبـات فایـەق ڕەحـمان.

لە کۆتاییـدا ئـەم توێژینـەوەش وەکـوو هەمـوو توێژینەوەکانـی تـر لـە هەڵـە و کەموکـوڕی بـەدوور نییـە، ئەگەرچـی هەوڵـی زۆرمـان داوە تاوەکـوو بکرێـت لـە هەڵـە بـەدوور بێـت.

### ١. پوختەیەکی مێژوویی و جوگرافیایی قەزایی چەمچەماڵ

#### ١.١. چەمکی ناوی چەمچەماڵ

سـەبارەت بـە چەمـک و زاراوی چەمچەمـاڵ، کۆمەڵێـک بیروبۆچوونـی جیـاواز لـە لایـەن نووسـەران و مێژوونووسـانەوە خراونەتـە ڕوو، لەوانـەش کـە پێـی وایـە ناوەکـە لـە چەنـد ماڵێکـی نێـوان دوو چەمـەوە واتـا کـراوە و وشـەی لێکـدراوی چەمچەماڵـە (عەبدولعەزیـز، ٢٠١٣، ١٨)، یاخـود وشـەکە بـە مانـای "لافاوگـە" هاتـووە، چونکـە لافاوێکـی زۆر لـە ناوچەکـە لـە وەرزی زسـتاندا هەبـووە (پیریـادی، ٢٠١٠، ١٢).

سـەبارەت بـە وشـەکە، ڕیـچ لەگەشـتەکەی ١٨٢٠ بـۆ کوردسـتان دەڵێـت: "چەمچەمـاڵ گردێکـی بـەرزی توورەکەرێـژە، ناوەکەشـی لـەوە وەرگرتـووە" (ڕیـچ، ٢٠١٢، ٨٠). لـە بۆچوونێکـی تـردا هاتـووە شـوێنی ئێسـتای چەمچەمـاڵ سـەرەڕێگای ئـەو کاروانـە بازرگانییانـە بـووە کـە وا لـە نێـوان ناوچەکانـی سـلێمانی تـا ئێـران لـە لایـەک، کەرکـووک و بەغـدا و ناوچەکانـی تـری خـوارووی عێـراق لـە لایەکـی تـرەوە ئاڵوگـۆڕی شـمەکیان کـردووە و بـە ڕێـگای دەربەنـدی بازیانـدا هاتوچۆیـان کـردووە، لـە زۆربـەی کاتەکانـدا کاروانـەکان بـۆ حەوانـەوە و پشـوودان، یـا بـە هـۆی داخسـتنی دەرگای دەربەندەکـەوە بـە تایبـەت لـە شـەواندا، بـە ناچـاری لـە لای ئـەو "چـەم و چەنـد مـاڵ"ەی شـوێنی ئێسـتای چەمچەمـاڵ لایـان داوە و لـە نـاو خۆیانـدا بـە "چەنـد ماڵـی چەمەکـە یـان چەمـی چەنـد ماڵە"ەکـە ناویـان بـردووە، تـا لـە ئاکامـدا لـە سـەر زمـان ئاوێتـە کـراوە و بـووە بـە "چـەم چەنـد مـاڵ" و دواتـر چەمچەماڵـی لـێ پێـک هاتـووە (عەبدولعەزیـز، ٢٠١٣، ١٩).

لـە بۆچوونێکـی تـردا هاتـووە، نـاوی چەمچەمـاڵ لـەو ناوچەیـەوە هاتـووە کـە هـۆزی هەمەوەنـدی لـە ئێـران تێـدا بـوون. لـە سـەردەمی عوسـمانییەکاندا هاتـوون بـەرەو بازیـان و چەمچەمـاڵ، لـەو کاتـەدا ئاوەدانیـان کردووەتـەوە و نـاوی چەمچەماڵـی ئێرانیـان لـێ نـاوە (پیریـادی، ٢٠١٠، ١٢). یەکێکـی دیکـە لـە بۆچوونـەکان پێـی وایـە نـاوی چەمچەمـاڵ لـە بنەڕەتـدا لـە دوو وشـەی دیالێکتـی هەورامـی (چەمچەمـاڵ) وەرگیـراوە، کـە "چەمچـە" واتـای کەوچـک و "ماڵ"یـش ڕەگـی چاوگـی "ماڵای"یـە لـە دیالێکتـی گـۆران لـە بەشـی دیالێکتـی هەورامیـدا، هـەردوو وشـەکە بەسـەریەکەوە واتـای "ماڵـی کەوچـک تـاش" دەگەیەنێـت، کەواتـە چەمچەمـاڵ وشـەیەکی لێکـدراوە ]دەتوانیـن بڵێیـن نـاوی چەمچەمـاڵ لـە شـوێنی قەزاکـەوە هاتـووە، ناوچەیەکـی چـەم و نـزم بـووە و ئـاوی تێـدا کـۆ بووەتـەوە. ئـەم نـاوەی ئێسـتای لـەوەوە سـەرچاوەی وەرگرتـووە] (کەریـم، ٢٠٠٣، ٧٨).

#### ٢.١. مێژووی قەزای چەمچەماڵ

خسـتنەڕووی قۆناغـە مێژووییەکانـی چەمچەمـاڵ کارێکـی ئاسـان نییـە، لـە بـەر کەمیـی سـەرچاوەی زانسـتی سـەبارەت

بە مێژووی دێرینی شارەکە، بەڵام بە درێژایی مێژوو شوێنی نیشتەجێبوونی مرۆڤایەتی بووە، لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆری ناوچەی شوێنەواری تاوەکوو ئێستا دۆزراونەتەوە (وەهاب، ٢٠٢١، ٢٠). وێڕای ئەوەش ناوچەی چەمچەماڵ لە کۆنەوە هەمووی دارستان بووە، ژمارەیەکی زۆر لە گیانەوەری کێویی تێدا ژیاوە، بە هاتنی خەڵک بۆ شارەکە ناوچەکە ئاوەدان بووەتەوە (پیریادی، ٢٠١٠، ١٣-١٤).

لە دوای ڕووخانی میرنشینی بابان کە ساڵی (١٨٥١) چەمچەماڵ گەڕایەوە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و لە گوندەوە کراوە بە قەزا، لە هەمان ساڵدا لکاندوویانە بە سەنجەقی سلێمانییەوە، ئەو سەنجەقەش سەر بە ویلایەتی شارەزوور بوو، دواتریش ناوەکەی گۆڕاوە بۆ ویلایەتی موسڵ. لە ساڵی (١٨٩٢)، لەو کاتەدا چەمچەماڵ بە قەزای بازیان ناو براوە، بەڵام پێگەی بەڕێوەبردنی کارگێڕیی قەزای بازیان لە چەمچەماڵ بوو (وەهاب، ٢٠٢١، ٢٥).

لە سنووری چەمچەماڵدا زۆربەی ئەندامانی هۆزەکانی کوردستان بە ڕێژەیەکی جیاواز نیشتەجێ بوون، بە تایبەتی دوای پرۆسەی شاڵاوەکانی ئەنفال، لە گرنگترین هۆزەکانیش: (لەک، زەنگنە، جاف، باڵەک، لوڕ، بڵباس، شێخ بزێنی، کاکەیی، هەمەوەند، دزەیی، جەباری، پیریادی، شوان، ساداتی، بەرزنجە، دووڕاجی، مەمەی، کاوانی، ئومەربل، ساڵەیی، کافرۆشی، گێژ، هورمزیار، کەلهوڕ، دەلۆ، شێخان، بابان، زەند... هتد)، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئەندامانی ئەم هۆزانە هەیە بە هۆی دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی (وەهاب، ٢٠٢١، ٢٥).

سەبارەت بە ئایینی دانیشتووانی چەمچەماڵ، دانیشتووانەکەی موسوڵمانن لە سەر ئایینزای سوننەمەزهەب و پەیڕەوکاری ئیمامی شافعین. لە سنووری چەمچەماڵ پەیڕەوکەرانی کاکەیی هەیە و کەمینەیەکی جوولەکە بوونیان هەبووە، بە تایبەتی لە ناوەندی چەمچەماڵ و لە هەندێ گوندی سەر بە قەزاکەش لە ناوچەی شوان (عەبدولعەزیز، ٢٠١٣، ١٤٧).

٣.١. جوگرافیای قەزای چەمچەماڵ

هەڵکەوتەی شوێنی چەمچەماڵ لە باشووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانە (زەند، ٢٠٠١، ٤٦٦). یەکێکە لە قەزا گەورەکانی پارێزگای سلێمانی (ساڵح، ٤، ٢٠١٥). ڕووبەری گشتیی سنووری چەمچەماڵ بریتییە لە (٣٢،٣٦١کم٢)، ئەمەشی دەگاتە (١٣٪) ڕووبەری گشتیی پارێزگای سلێمانی (وەهاب، ٢٠٢١، ١٦).

لە ڕووی کارگێڕییەوە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵی ١٩٢١، ئەم قەزایە چەندین گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە. لە ساڵی ١٩٢٢ لکێنراوە بە پارێزگای کەرکووکەوە و کاروباری کارگێڕیی چەمچەماڵ لە لایەن کەرکووکەوە بەڕێوە براوە. لە ساڵی ١٩٧٥ لە کەرکووک دابڕێنراوە و بە پارێزگای سلێمانییەوە لێکنراوە هەتا ساڵی ١٩٩١، دواتریش دەگەڕێتەوە سەر پارێزگای کەرکووک هەتاکوو ساڵی ٢٠٠٣ (ئەحمەد، بێ ساڵی چاپ، ١٤). لە ڕووی کارگێڕییەوە ناحیەی ئاغجەلەر دەکەوێتە باکوورەوە، ناحیەی سەنگاویش لە باشوورەوە سەر بە چەمچەماڵن، قەزاکە هاوسنوورە لەگەڵ (١١) یەکەی کارگێڕی، لەوانە قەرەداغ لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی ناحیەکانی بازیان و پیرەمەگروون لە ڕۆژهەڵاتیەوە، هەر چی قەزای دوکانە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری ڕۆژهەڵاتیەوە لە چوارچێوەی پارێزگای سلێمانی. ناحیەی تەقتەق لە باکوورەوە سەر بە پارێزگای هەولێرە. ناحیەی ڕێدار و شوان دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوایەوە، بەڵام ناحیەکانی قەرەهەنجیر و لەیلان و قەرەحەسەن دەکەوێتە ڕۆژئاوایەوە و قەزای داقوق لە باشووری ڕۆژئاوایدایە لە چوارچێوەی پارێزگای کەرکووکدا. لە باشووریەوە ناحیەکانی نەوجول و ئاوەسپیە، لە چوارچێوەی قەزای کفریدا (وەهاب، ٢٠٢١، ١٨).

## ٢. تێڕوانینێک لە سەر بەکارهێنانی زاراوی ئەنفال و سیاسەتی حکومەتی عێراق لە ئەنجامدانی شاڵاوەکانی ئەنفال:

١. ٢. واتای زاراوەی ئەنفال

وشەی ئەنفال عەرەبییە، بۆ ناسینی ئەم وشەیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ نێو فەرهەنگی زمانەوانیی عەرەبی. ئەنفال کۆی "نفل"ە، بە واتای غەنیمە دێت. "نفل" بە

شـێوەیەکی گشـتی لـە دوو ڕووەوە سـەیر دەکرێـت:
١. لـە ڕووی زمانەوانییـەوە بـە واتـای دەسـتکەوت و "غەنیمـە" دێـت. عەرەبـەکان پێـش هاتنـی ئیسـلام وشـەی "ئەنفال"یـان بـۆ تاڵانیـی جەنـگ بـەکار هێنـاوە. مەبەسـتیش لـە جەنـگ، تێکشـکاندنی دوژمـن و گرتـن و دیـل، دەسـتگرتن بەسـەر مـاڵ و سـامانیان بـوو (دزەیـی، ٢٠٠١، ٢٣). ئـەوەش گەڕاوەتـەوە بـۆ عەقڵیەتـی خێڵەکییانـە و دواکەوتوویـی هـۆزە عەرەبییـەکان کـە لـە شـەڕدا پەلامـار بێسـەروبەریان ئەنجـام داوە، بـۆ دەستبەسـەراگرتن و دەسـتکەوت لـە ژیانـی ئـەو سـەردەمە (ڕەشـید، ٢٠٠٢، ٦٢).
٢. لـە ڕووی زاراوەییـەوە: ماناکـەی زیادەدەسـکەوت دەیەگەنێـت، ئەویـش ئـەو مـاڵ و سـامانەیە کـە بـە شـەڕ لـە بێبـاوەڕەکان دەسـەنرێت. لـە پێـش هاتنـی ئایینـی ئیسـلام، ئەنفـال بێجگـە لـە سـامان و مـاڵ و چـەک و دارایـی، ئافرەتیشـی گرتووەتـەوە (عـارف، ٢٠٢١، ١٧).
ئەنفـال نـاوی سـوورەتی هەشـتەمی قورئانـی پیـرۆزە، خـوای گـەورە لـە سـەرەتای سـوورەتەکەدا دەفەرمووێـت: }یسـالونك عـن الانفـال قـل الانفـال للـة والرسـول فاتقوااللـة واصلحـوا ذات بینکـم واطیعـوا اللةورسـولة ان کنتـم مؤمنـین{، واتـە: دەربـارەی ئەنفـال پرسـیارت لـێ دەکـەن (مەبەسـتی لـە پێغەمبـەرە (د. خ)، بڵـێ ئەنفـال هیـی خـودا و پێغەمبـەرە، ترسـی خوداتـان هەبێـت و کاروبـاری نێـوان خۆتـان چـاک بکـەن و ملکەچـی خـودا و پێغەمبـەر بـن ئەگـەر ئێـوە بـڕوادارن. هـەر لـەم سـوورەتەدا خـوای گـەورە باسـی چۆنیەتـی و ڕێـگای دابەشـکردنی دەسـتکەوتەکان دەکات کـە موسـوڵمانەکان لـە شـەڕدا لەگـەڵ بێبـاوەڕەکان دەسـتیان کەوتـووە (سـاڵح، ٢٠٠٢، ٨). لـە سـوورەتی ئەنفالـدا باسـی چۆنیەتیـی دابەشـکردنی دەسـتکەوتەکانی موسـوڵمانانی خسـتووەتە ڕوو، ئامـاژەی کـردووە پێنجیەکـی بـۆ خـوا و پێغەمبـەر و خـزم و کـەس و هەتیـو و هـەژار و نەدارەکانـە، چـوار بەشـەکەی تـر بەسـەر جەنگاوەرەکانـدا دابـەش دەکرێـت، بـەم جـۆرە پێغەمبـەر بـە پێـی فەرمانـی خـوای گـەورە دەسـتکەوتەکانی دابـەش کـردووە (عەبـدوڵا، ٢٠١٩، ١٤).
وشـەی ئەنفـال بـە بۆچوونـی نـاسری سـوبحانی؛ ڕاڤـەکاری قورئـان: " ئەنفـال بریتییـە لـەو شـتە خۆڕسـکانەی کـە موڵکیـەت هەڵناگـرن، واتـە مافـی گشـتییە و هەمـوو کـەس مافـی تێـدا هەیـە، وەک: (کانـەکان، ئـاو، ئاگـر، لـەوەڕگاکان)، بـە بەڵگـەی ئـەوەی خـوای گـەورە دەفەرمووێـت: }قـل الانفـال للـە و الرسـول{، نافەرمووێـت 'وللرسـول'، بەڵکـوو فەرموویەتـی 'الرسـول'، واتـە تەنهـا موڵکـی خودایـە، پێغەمبـەرش وەکـوو پێشـەوای موسـوڵمانان سەرپەرشـتە بـە سـەریانەوە" (عەبـدول و ئەوانـی تـر، ٢٠٠٤، ٢٠). زاراوەی ئەنفـال لـە لای گەلـی کـورد بـە واتـای "سـەرنگومکردن" و "فەوتـان" و "تـاڵان" و "زیندەبەچاڵکـردن" هاتـووە. کـورد زاراوەکـە بـۆ دیارنەبـوون و کۆمەڵکـوژی و بزرکـردن و هـەر شـتێک ئەنجانـی نەبێـت بـە کار دەهێنێـت (شـوانی، ٢٠٠٢، ٨).
ئایینـی ئیسـلام دەسـتکەوتەکانی جەنگـی حـەڵاڵ کـردووە، لـە بـەر ئـەوەی دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە سـەرەتایدا بـوو وەکـوو سـەرچاوەیەکی ئابووریـی گرنـگ دادەنـرا و لـە سـەری دەژیـان (دەشـتی، ٢٠١٣، ٢٨). وێـرای ئـەوەش حکومەتـی عێـراق ئـەو شـاڵاوە ترسـناکەی بۆیـە بـە ئەنفـال نـاو نـاوە، تاوەکـوو ئـەو شـاڵاوانە بخاتـە پـاڵ ئایینێـک کـە کـورد بـاوەڕی پێیەتـی و چەنـد ڕێـز و حورمەتـی بـۆی هەیـە. حکومەتـی عێـراق چەمکـی ئەنفالـی شـێواندووە، بەرامبـەر مرۆڤـی سـڤیلی کـورد بـەکاری هێنـاوە، لـە سـەر مـاڵ و خاکـی خۆیـان بـوون، لـە کاتـی جەنگیـش نەبـوو (عەبدولعەزیـز، ٢٠٠٥، ١٩-٢٠).
٢. ٢. سیاسـەتی حکومەتـی عێـراق لـە ئەنجامدانـی شـاڵاوەکانی ئەنفـال
ئامانجـی حکومەتـی عێـراق لـە سـەرجەم شـاڵاوەکانی ئەنفـال، بـۆ سـڕینەوەی سـیمای نەتـەوەی کـورد و (عـارف، ٢٠١٢، ٢٤) شـێواندنی سروشـتی کوردسـتان بـوو لـە ڕووی جوگرافـی و دیموگرافییـەوە. بـە پێـی سـتراتیژەکانی ئەنفـال بەعەرەبکردنـی ناوچەکانـی کوردسـتان و کەمکردنـەوەی ژمـارەی دانیشـتووانی کـورد لـە کوردسـتان و عێراقـدا لەچـاو نەتـەوەی عـەرەب، بـە جۆرێـک بێـت ڕێـژەی هـەرە زۆری دانیشـتووانی عێـراق عـەرەب بـن (سـاڵح، ٢٠٠٢، ٤٢).
شـاڵاوەکانی ئەنفـال هەوڵـی دیکـەی حکومەتـی عێـراق بـوو بـۆ توانـەوەی دابونەریتـی ڕەسـەنی کـوردەواری و شـێواندنی کولتـووری نەتەوەیـی کـورد و لێکدابڕانـی پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە نێوان هـۆز و خێزانی ناوچـە جیاجیاکانی

کوردستان. هەروەها تێکدانی شیرازەی خێزانی کورد و لەناوبردنی، چونکە دەیزانی خێزان و پەیوەندیی خێزانی و خزمایەتی دەور و کاریگەرییان هەیە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا (دزەیی، ٢٠٠١، ٣٥).

ئامانجێکی دیکەی حکومەتی عێراق لە ئەنفال بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریی گەلی کورد بوو. گومانی تێدا نییە زۆربەی شۆڕشەکانی جیهان بە تایبەتی شۆڕشی کورد، پشتیان بە گوندەکانی کوردستان دەبەست. دەتوانین بڵێین خەڵکی گوندەکان پشتیوانی ماددی و مەعنەویی شۆڕش بوون. ناوچەیەکی ئازاد و دوور لە دەسەڵاتی حکومەتی عێراق بوو (گومبەتی، ٢٠١٣، ٥٦).

حکومەتی عێراق دەیویست دەست بەسەر زەویوزار و سامانە سروشتییەکانی ناوچەی ئەنفالکراو بگرێت و بژێویی ژیان تێک بچێت، ئەمەش وای کرد ڕزگاربووانی تاوانی ئەنفال لە بارودۆخێکی سەختدا دواتر بژین (محەمەد، ٢٠١٢، ٥٦).

٣. ٢. ئەنفال وەکوو تاوانێکی نێودەوڵەتی

ئەنفال تاوانێکی نەخشەبۆداڕێژراوی دەوڵەتی عێراق بوو، بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجامی دابوو (میکائیل، ٢٠١١، ٢٨). هەموو ئەو تاوانانەی هاوشێوەی ئەنفالن، لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی وەکوو جینۆساید[١] ناسێنراون (عارف، ٢٠١٢، ٢٤)، چونکە بە شێوازێک تاوانی ئەنفال ئەنجام دراوە، مەبەستی لەنێوبردنی تەواو یا بەشێک لەگرووپێکی نەتەوەیی و ئەتنیکی ڕەگەزی یا ئایینی ئەنجام دراوە. دەتوانین بڵێین هەموو تاوانی ئەنفال لەگەڵ بڕگەکانی مادەی دووەمی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ١٩٥١ یەک دەگرنەوە (گوڵ، ٢٠٠٢، ٣٢-٣٣)، لەوانەش:

ئـ. کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە

ب. گەیاندنی زیانی گیانی یا ڕۆحیی ترسناک بە ئەندامانی گرووپەکە.

ج. بە مەبەست دانانی ئەندامانی گرووپەکە لە باردۆخێکی وادا کە ببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێک یان تەواوی ئەندامەکانی.

د. پێشگرتن بە زاوزێکردن (منداڵبوون) لە نێو گرووپەکە.

هـ. بە زۆر دابڕاندنی منداڵان و گواستنەوەیان لە گرووپە بۆ گرووپێکی تر (ساڵح، ٢٠٠٢، ١٦).

تاوانی جینۆساید کێشەیەکی نێونەتەوەییە، بەرپرسیاریی نێونەتەوەیشی لە سەرە، وەکوو بەشێک لە بەربەست و بەرپەچدانەوە و ڕاپێچکردنی تاوانباران بۆ بەردەم دادپەروەری لە هەر شوێنێک بن داڵدە نەدرێن (هەنارەیی، ٢٠١٤، ٥٧).

هەر چەندە تاوانی ئەنفال لە دادگای ناوخۆیی عێراقدا، لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا دەستگیرکردنی تاوانبارانی و دادگاییکردنیان، بڕیاری دا لە (٢٠٠٦/٨/٢١)، پاش (٦١) دانیشتن، دادگا تاوانەکەی وەکوو جینۆساید ناساند. لە پەرلەمانی عێراقیش لە دانیشتنی ژمارە (٩)ی ئاسایی خۆیدا بە بڕیاری ژمارە (٢٦)، بە زۆرینەی دەنگ تاوانی ئەنفال بە جینۆساید ناسێنراوە (حسێن، ٢٠٠٧، ١٨). ئەم دانپیانانە هاوکار و یارمەتیدەر دەبێت بۆ ڕاپەڕاندنی بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی گواستنەوەی کەیسی جینۆسایدی گەلی کورد بۆ ناوەندی نێودەوڵەتی و دادگای نێودەوڵەتی، تاوەکوو ئەو تاوانە بە جینۆساید بناسێنرێت و جارێکی تر گەلی کورد ئەو تاوانەی بەرامبەر ئەنجام نەدرێت (هەنارەیی، ٢٠١٤، ٤٦).

## ٣. کاریگەرییەکانی تاوانی ئەنفال لە سەر ژنانی بەجێماوی سنووری قەزای چەمچەماڵ (١٩٨٨-٢٠٠٠)

٣. ١. لایەنی کۆمەڵایەتی

شاڵاوەکانی ئەنفال بە هەشت قۆناغی یەکلەدوایەک ئەنجام دراون، پڕ زیانترینیان قۆناغی سێ بوو کە ماوەی ٤/٧ بۆ ١٩٨٨/٤/٢ خایاندووە، هەموو گوندەکانی سنووری (دووزخوماتوو، کەلار، کفری، ناحیەی تیلەکۆ، باشووری ڕۆژهەڵاتی چەمچەماڵ، ناحیەی سەنگاو، ئۆردووگای تەکیە، بەشێک لە ناحیەی ئاغجلەر) ڕاماڵی، زیانێکی گیانی و ماددی و ژینگەیی گەورەی بە دانیشتووانی گوندەکانی ئەو سنوورانە گەیاند (وەهاب، ٢٠٢١، ٤٠).

شاڵاوی ئەنفال لە دوای ئەنجامدانی، شوێنەوارێکی کاریگەر و خراپی لە سەر باری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردی بە گشتی و بەسەر ڕزگاربووانی ئەنفال بە تایبەتی بەجێ هێشتووە، بووە هۆکاری هەڵوەشانەوەی بەشێکی کۆمەڵگە و بێگومان کۆمەڵگەی کوردی گرێ دراوە بە کولتوور

و نەریتێکــی ئایینــی، هەمــوو ئەمانــە وەکــوو گوشــارێکی کۆمەڵایەتـی ڕۆڵـی خـۆی بینـی. خێزانـی کـورد لـە نـاو ئـەو چوارچێوەیـەدا داڕێـژراوە ناتوانـێ لێـی دەربـاز بێـت، لـە ئـەو دارشـتنەدا پیـاو سـەرۆکی خێزانـە، ژن لـە بەخێوکردنـی خێـزان بەرپـرس نییـە و ئەنفـال ئـەم بنەمـا کۆمەڵایەتییـەی تێـک دا و شـیرازەی خێزانـی بـەرەو ئاراسـتەیەکی خـراپ بـرد (مسـتەفا، ٢٠١٣، ١٥٧). بـە تایبەتـی دوای ئـەوەی ڕێژەیەکـی زۆر بـاوک ئەنفـال کـران بەرامبـەر بـە ڕێـژەی دایـک، دەبینیـن هەمـوو ئەرکـە کۆمەڵایەتییـەکان کەوتـە سـەر شـانی دایـک، کردوویەتــی بــە سەرپەرشــتی مــاڵ و لــە پەروەردەکــردن و ئیشـوکاری نـاو مـاڵ و کارکردنـی لـە دەرەوە بـۆ پەیداکردنـی بژێویـی ڕۆژانـە کـە ئـەوەش بـووە هـۆی تێکچـوون و شـڵەژانی خێـزان و پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان و گۆڕانــی سیســتمی پەروەدەیـی تێیانـدا. ئـەو بارودۆخـە بـۆ ژنانـی کـورد ئاسـان نەبـوو، لـە گونـدەکان خەریکـی ئاژەڵـداری و کشـتوکاڵ بـوون، بــەڵام ناچــار بــوون لــە ئــۆردووگا زۆرەملێیــەکان کۆمەڵێــک کار بـۆ مـاوەی چەندیـن کاتژمێـر دوور لـە توانـای خۆیـان و مندڵەکانیـان بکـەن (سـاڵح، ٢٠٠٢، ١١٢).

یەکێـک لـە ڕزگاربووانـی تاوانـی ئەنفـال؛ "مریـەم ئەحمـەد"ە و دەڵێــت: "لــە دوای شــاڵاوی ئەنفــال و بێسەروشــوێنبوونی هاوســەرەکەی، ئەرکــی بەخێوکردنــی منداڵەکانــی لــە پەیداکردنــی بژێویــی ژیانیــان لــە دەرەوە کەوتــە ئەســتۆی. لــە ســاڵی (١٩٨٨-١٩٩٨) وەکــوو پیــاوەک کاری کــردووە، تــا ئـەو کاتـەی ئۆتۆمبێـل لێـی داوە و ئیـتر نەیتوانیـوە وەکـوو پێشـوو کار بـکات، کەمـتر توانیویەتـی کاری قـورس و گـران بـکات، تەنانـەت کارکردنـی وای کردبـوو کـە کچـە گەورەکـەی لـە ماڵـەوە لـە بریـی ئـەو ئەرکـی پـەروەردە و بەخێوکردنـی خوشـک و براکانـی بگرێتـە ئەسـتۆ". کارکردنـی زۆر و قـورس و دوور لـە توانـای ژنـان وای کـردووە زۆربـەی ئـەو ژنانـە بـە دەسـت نەخۆشـی و ئـازاری جەسـتەیان دەناڵێنـن (ئەحمـەد، ٢٠٢٣/٧/٩). زۆر جاریــش منداڵەکانیــان بــە هــۆی کارکردنــی دایکیــان و بەجێهێشــتنیان لــە ماڵــەوە، ڕووبــەڕووی لادانــی کۆمەڵایەتـی دەبوونـەوە (عەبـدول و ئەوانـی تـر، ٢٠١٤، ١١٢).

تەهـا یاسـین سـەبارەت بـە دایکـی کۆچکـردووی دەڵێـت: "لـە دوای شـاڵاوەکانی ئەنفـال ئەرکـی دایکـم زۆر قـورس بـوو، هاوسـەر و کوڕێکـی لەدەسـت دابـوو، ئەرکـی بەخێوکـردن و پەروەردەکردنـی نـۆ منداڵـی کەوتبـووە ئەسـتۆ، لـە کاتێـدا دایکـی تەمەنـی (٣٤) سـاڵ بـوو. براکانـی بـۆ یارمەتیدانـی دایکـی ناچـار بـوون دەسـت بکەنـە کارکـردن و خەرجیـی بەخێوکردنـی خێزانەکـە بگرنـە ئەسـتۆ هـەر چەنـدە تەمەنیـان گـەورە نەبـووە". منداڵانیـش بووبـون بـە قوربانـی و دوور بـوون لـە دنیـای منداڵیی خۆیـان (یاسـین، ٢٠٢٣/٧/٣٠). یەکێکـی دیکـە لـە ڕزگاربووانـی تاوانـی ئەنفـال "نێرگـز عەزیـز"ە، دەڵێـت: "بـە هـۆی کارکردنـی لـە ئـەو مـاوە درێـژەدا، لـە سـەعات پێنجـی بەیانـی هەتـا چواری ئێـوارە، منداڵەکانـی لـە نـازی دایـک بێبـەش بـوون، هەروەکـوو چـۆن لـە نـازی باوکیـان بێبـەش بـوون، تەنانـەت لـە بـەر قورسـیی ژیـان لـەو کاتـەدا دوو منداڵـی لەگـەڵ خۆیـدا دەبـرد، ئەوانیـش شانبەشـانی ئـەو کاریـان کـردووە" (عەزیـز، ٢٠٢٣/٨/٢٨).

چەندیـن ژن هەبـوون لـە کاتـی کارکـردن لـە دەرەوەی مـاڵ تووشــی کێشــە و گرفتــی جۆراوجــۆر دەبوونــەوە، زۆر جــار لـە لایـەن خاوەنکارەکانیانـەوە دەسـتدرێژی کراوەتـە سـەریان (مســتەفا، ٢٠١٣، ١٥٩).

ژنانــی بەجێــماوی ئەنفــال لــە لایــەن کۆمەڵگەیشــەوە بــە نیگایەکــی خــراپ ســەیر کــراون، چونکــە لــە کۆمەڵــگای کوردیـدا بـە پێـی دابونەریـەت و بەهـاکان سـەیری ژنێکـی بێهاوســەر کــراوە، دەبێــت جلێکــی ڕەش بپۆشــێ و لــە مــاڵ نەچێتـە دەرەوە (عەبـدول و ئەوانـی تـر، ٢٠١٤، ١١٥)، ئەمـەش هۆکارێـک بـوو لـە کاتـی کارکـردن ڕووبـەڕووی تانـە و توانـج ببنـەوە. وەزیـرە مسـتەفا دەڵێـت: "لـە کاتـی کارکردنماندا لـە لایـەن کۆمەڵگـەوە ڕووبـەڕووی تانـە و توانـج دەبووینـەوە. دەیانبینــی ژنێکــی گەنــج لــە ماڵــەوە دێتــە دەرەوە و کار دەکات، قسـەی نەشـیاویان پـێ دەگوتـن. ئاسـتی ڕۆشـنبیریی خەڵـک وەکـوو ئێسـتا نەبـوو ژنـان کار بکـەن" (مسـتەفا، ٢٠٢٣/٨/١٢). یاخـود تووشـی شـەڕ و ئـاژاوە بـوون لـە کاتـی کــردن. مریــەم ئەحمــەد دەڵێــت: "لــە کاتــی گوڵەوەچنــی بەروبوومـی دانەوێڵـە تووشـی دەنگەدەنـگ دەبـوو لەگـەڵ خـاوەن زەوییەکـە و ڕێگریـی لـێ دەکـرد، تەنانـەت کەسـەکە ناسیاویشـیان بـووە، بـەڵام مافـی خۆیشـی بـوو، خەڵکـی زۆر بـووە، بـە تایبـەت ژنانـی ئەنفالکـراو، ئەویـش بۆیـە لێیـان تـووڕە دەبـوو" (ئەحمـەد، ٢٠٢٣/٧/٢٩).

ژنانی بەجێماوی ئەنفال زۆربەیان لە چاوەڕوانیی هاوسەر و دەستگیران و تەنانەت برا و کەسوکاریان نەیانتوانیوە ژیانی هاوسەرگیری بۆ جارێکی تر پێک بهێننەوە (گومیەتی، ٢٠١٣، ٩٦). وەزیرە مستەفا دەڵێت: "ژیانی هاوسەرگیریی بۆ ماوەی دوو مانگ پێک هێنابوو، هاوسەرکەی ئەنفال کرابوو، بە ناچاری گەڕاوەتەوە بۆ ماڵ باوکی، پێی شەرم بووە ژیانی هاوسەرگیری پێک بهێنێتەوە، چونکە پێی وا بووە هاوسەرەکەی لە ژیان ماوە. لە لایەکی تریشەوە کۆمەڵگە ڕەخنەی ئەوەی لەو ژنانە دەگرت کە دوای ئەنفالی هاوسەرەکەیان شوو دەکەنەوە، پێیان وا بوو کە لە ژیاندا ماون. هەتاوەکوو دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق ساڵی ٢٠٠٥، کاتێ بێئومێد بووە لە گەڕانەوەی هاوسەرەکەی هاوسەرگیریی کردووە" [وێڕای ئەوەش چەندین کچ هەن لە چاوەڕوانیی باوک و برا نەیانتوانیوە ژیانی هاوسەرگیری پێک بهێنن] (مستەفا، ٢٠٢٣/٨/١٢). یەکێکی تر لە ژنانی بەجێماو "جەیرانە ئەحمەد"ە، دەڵێت: "لە دوای ئەنفالکردنی هاوسەرەکەی جارێکی تر هاوسەرگیریی نەکردووە، تەنیا کچێکی هەبوو، زۆر جار خەڵک پێیان وتووە بۆ هاوسەرگیری ناکەیتەوە، هاوسەرەکەت نەماوە و دواتر تۆ کچێکت هەیە خۆ کوڕ نییە" (ئەحمەد، ٢٠٢٣/٧/٣). ڕووناک حەکیم دەڵێت: "لە دوای ئەنفالی هاوسەرەکەی تەنیا کوڕێکی هەبوو، چووتەوە بۆ ماڵی باوکی لەگەڵ براکانی ژیاوە، ژیانێکی پڕ لە ناخۆشیی بە سەر بردووە. کاتێک کوڕەکەی تەمەنی بووە بە (١١) ساڵ، لە لایەن کەسوکاری هاوسەرەکەیەوە لە ساڵی ١٩٩٧دا بردوویانە بۆ ئەورووپا و بە تەنیا ماوەتەوە، ناچار بووە ژیانی هاوسەرگیری پێک بهێنێتەوە" (حەکیم، ٢٠٢٣/٧/١٤).

لە ڕووی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە گوندنشینەکان پێش شاڵاوی ئەنفال لە ئاستێکی بەرزدا بوون، هەموویان خزم و کەسوکاری یەکتر بوون و یەکتریان خۆش دەویست، بەڵام لە دوای ئەنفال و ڕاگواستنیان بۆ کۆمەڵگای زۆرەملێ، شیرازەی باری کۆمەڵایەتی پچڕا (ساڵح، ٢٠١٧، ٩٩). کاریگەریی تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر لە سەر ژنان دەرکەوت، بە جۆرێک بوو نەیاندەتوانی ببنە بەشێک لە ئەمڕۆ، تەنانەت ئەو بارودۆخە کاری کردووەتە سەر چۆنیەتیی ژیانیان و ڕادەی تێکەڵاوییان لەگەڵ کەسوکار و هاوڕێ و خزمانیان (بیارەیی، ٢٠٠٨، ١٢). یەکێکی دیکە لە ڕزگاربووانی تاوانی ئەنفال "ناسکە کاکە ئەمین"ە، دەڵێت: "لە ساڵانی ١٩٨٨ هەتاوەکوو ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ دژی حکومەتی عێراق، خەڵک ترسی هەبوو لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵیاندا لە بەر ئەوەی کەسوکاری ئەنفال کرابوون، تەنانەت کاتێک نەخۆش کەوتووە و ڕووی کردووەتە ماڵی خزمێکیان لە کەرکووک، لە ترسی حکومەتی عێراق پێیان وتووە زوو بڕۆ حکومەت بزانێ خانووەکە دەڕووخێنێتە سەرمانە. لە دوای ڕاپەڕینەوە پەیوەندییان لەگەڵ خزم و کەسوکاریان باش بووە و گەڕاونەتەوە بۆ گوندی جەلەمورد" (کاکە ئەمین، ٢٠٢٣/٧/١٩). بەدریە ئەحمەد دەڵێت: "لە دوای شاڵاوی ئەنفال؛ لەدەستدانی ماڵ و سامانیان وای کردووە هەژار بن، ئەمەش هۆکارێک بووە کە کەسوکاریان تێکەڵیان نەبن و هاوکارییان نەکەن" (ئەحمەد، ٢٠٢٣/٨/٢).

گوندەکانی کوردستان ڕێژەی نەخوێنەوارییان یەکجار بەرز بوو، ئەوەش بە هۆی نەبوونی قوتابخانە و هۆیەکانی خوێندن لەم ناوچانەدا، چونکە حکومەتی عێراق هەردەم هەوڵی داوە گەلی کورد بە نەخوێندەواری بهێڵێتەوە، بۆ ئەوەی لە ڕووی پەرەپێدانی کشتوکاڵ و کۆمەڵایەتی و ڕوشنبیرییەوە بە دواکەتوویی بهێڵێتەوە (دزەیی، ٢٠٠١، ١٩٤). هەر چەندە زۆربەی ژنان بە هۆی ئەو کولتوور و عەقڵیەتی کوردەوە نەیانتوانیوە بخوێنن، لە دوای شاڵاوی ئەنفالیش دروستبوونی ئەو باردۆخەی بەسەر خێزانی کورددا هات، بۆ نموونە هەژاری و گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون، بێسەرپەرشتیی خێزان، ئەمانەش هۆکارێکی تر بوون کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بە نەخوێنەواری بمێننەوە (ساڵح، ٢٠٠٢، ١١٣).

٢. ٣. لایەنی ئابووری

ئاشکرایە ئابووری سەرچاوەی ژیانی مرۆڤە، لە هێرشەکانی ئەنفالدا وێرانکردنی سەرچاوەی ئابووری مەبەستێکی دیار بوون لای سوپای عێراق، برسیکردنی خەڵک و دروستبوونی ئاژاوە و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و تێکچوونی شیرازەی ژیانی خەڵکی کوردستان (گوڵ، ٢٠٠٢، ١٣). سوپای عێراق

کونترۆڵی هەر ناوچەیەکی کردووە، دەستیان بە تاڵانکردنی مەڕوماڵات و تراکتۆر سەرجەم بەروبوومە کشتوکاڵییەکان و چەندان کەلوپەلی تری کردووە (عەبدە، ٢٠١١، ٥٧). بەم کارەی ژێرخانی ئابووریی کوردستانی بە جۆرێک وێران کردبوو، تاکوو چەندین ساڵی تر کورد لە ڕووی ئابوورییەوە نەتوانن خۆیان بگرنەوە و پێداویستیی نەتەوەیی دابین بکەن. لە ئەنجامی شاڵاوەکانی ئەنفال، سەرجەم گوندەکانی گەرمیان تەخت کران و سووتێنراون، تەنها لە قەزای چەمچەماڵ (٢٨٠) گوند وێران کران (دزەیی، ٢٠١١، ١١٣). دانیشتووانی ئەو گوندانە لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان نیشتەجێ کراون، ئۆردووگاکانیش کە وەکوو سەربازگەیەک وا بوون و نە قوتابخانە و نەخۆشخانەی تێدا بوو، نە سەرچاوەیەک کە خۆیانی پێ بەخێو بکەن، بێکاری لە ناو ئۆردوگاکان بڵاو بوویەوە (مستەفا، ٢٠١٣، ١٦٩).

لە دوای ڕاپەرینی ساڵی ١٩٩١، دوای ئەوەی خەڵکی کوردستان ڕاپەڕیون دژی دامودەزگای ڕژێمی عێراق، کاریگەریی تاوانەکانی ئەنفال بەسەر کەسوکاریانەوە بە ئاشکرا بەدیار کەوت، چونکە پێشتر کەسوکاری ئەنفالکراوان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان لە ژێر توندیی هێزەکانی حکومەتی عێراق بوون (قادر، ٢٠٠٦، ١٣١). لە دوای شکستی ڕاپەرین، گەلی کورد تووشی کۆڕەوی ملیۆنی بوویەوە. وەکوو هەموو خەڵکی کوردستان، لە ترسی حکومەتی عێراق ڕوویان لە ناوچە شاخاوییەکان و سنووری ئێران و تورکیا کرد (الفضل، ٢٠٠٤، ١١٤). نێرگز عەزیز دەڵێت: "پاش دوو ساڵ لە تاوانی ئەنفال، تاڵانکردنی ماڵ و بردنی سامانیان، بە هەموو زەحمەتییەوە توانیویانە ماڵێک پێک بهێننەوە، جارێکی تر لە کۆڕەو ماڵیان بەجێ هێشتووە و ئاوارەی سنوورەکان بوون. لە دوای نەمانی دەسەڵاتی حکومیی عێراق لە کوردستان، ژنانی بەجێماوی ئەنفال جارێکی تریش کەوتنەوە کارکردن بۆ دروستکردنەوەی ماڵێکی نوێ، هەروەکوو نێرگز قادر دەڵێت: "لە دوای ڕاپەڕینەوە کاری زۆر قورسی ئەنجام داوە بۆ بنیادنانی ماڵەکەی و دابینکردنی خەرجیی ڕۆژانەی، لەوانەش گوڵەوەچنەی نۆک، هێنانی بەرد لە بناری مەقان بۆ فرۆشتن کە ئەو کاتە بۆ بناغەی خانوو خەڵک دەیکڕی" (قادر، ٢٠٢٣/٨/٢٨).

یەکێکی دیکە لە ڕزگاربووانی تاوانی ئەنفال "سوهەیلە ستار"ە، دەڵێت: "لە پێش ئەوەی ئەنفال بکرێن باردۆخی ئابووریان زوور باش بووە، بەڵام لە شاڵاوەکانی ئەنفال هەر چییان هەبوو تالان کراوە، تەنیا یەک عەبای بۆ ماوەتەوە. هەر بۆیە لە دوای ئەنفال ڕوویان کردووەتە کەرکووک و هەر ڕۆژی لە ماڵێک خۆیان شاردووەتەوە. لە دوای ڕاپەرین ڕوویان کردووەتە چەمچەماڵ و نیشتەجێ بوون. دواتریش لە بەر برسێتی و بێکاری بۆ ماوەی شەش ساڵ بە منداڵەکانیەوە ڕووی کردووەتە شارەزوو بۆ کارکردن وەکوو نانکردن و گوڵەوەچن و کۆکردنەوەی بەروبوومی شمڵی و نسیک و شووتی و تەماتە و نۆک. ساڵی ١٩٩٤ لە پێنجوێنەوە داری هێناوە بۆ سەیدسادق و فرۆشتوویەتی. هەژاری وای کردبوو جووتێک پێڵاوی لەپێدا نەبوو، ژنێک پێڵاوێکی کۆنی پێ داوە، منداڵەکانی تەمەنیان بچووک بوون نەیاندەتوانی کار بکەن، زۆر جار خوشکەزاکانی لە ڕووی ماددییەوە هاوکاری بوون و کەلوپەل و خواردنیان بۆ کڕیون، دواتریش کچە گەورەکەی دروومانی کردووە. لەو کاتەشدا چەندین ڕێکخراوی مرۆیی دروست بوون بۆ یارمەتیدانی منداڵانی بێسەرپەرشت، لەوانەش ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان[٢] بوو کە لە ساڵی (١٩٩٨-١٩٩٩) مووچەی بۆ یەک لە منداڵەکانی بڕیوەتەوە، هەتاوەکوو زانکۆی تەواو کردووە پێیان داوە، تا ڕادەیەک ئیتر ژیانیان لە پێشتر باشتر بووە" (ستار، ٢٠٢٣/٧/١٩). مریەم ئەحمەد دەڵێت: "لە دوای شاڵاوی ئەنفال ڕوویان کردووەتە چەمچەماڵ، لە خانوویەکدا بوون دراوە بە کرێ، چێشتخانەکەیان پێ بەخشیوە، بۆ مانەوەیان خۆی منداڵەکانی لەوێ ژیاون. هیچ سەرچاوەی بژێوییان نەبووە و منداڵەکانی لە برسدا گریاون، تەنانەت وای لێ هاتووە خەڵک بێزار بوون لە گریانیان، تا ڕۆژێک لە کۆڵان ژنان لە ناوخۆیاندا وتوویانە بۆ منداڵەکانی دەگری، ژنێک وتبووی لە برسدا دەگرین، ئیتر دراوسێکانیان یارمەتییان داون. لە دوای ڕاپەڕینیشەوە، لە ساڵی ١٩٩٢ ماڵی گواستووەتەوە بۆ ئۆردووگای شۆڕش و لە قوتابخانەیەک ژیاون، لەوێش دەستی کردووەتە نانکردن بۆ ماڵان. لە ساڵانی (١٩٩٦-١٩٩٧)، لە ڕێگای کەرکووک-

چەمچەماڵ کاری کردووە، کۆڵکێشی و ئیشی بلۆک بارکردن و قوڕکارییشی کردووە. هەتاوەکوو ساڵی ١٩٩٨ ئۆتۆمبێل لێی داوە ئیتر نەتوانیوە کاری قورس ئەنجام بدات، ئیشی سووکتری کردووە و هیچ مووچەی نەبووە، ناچار بووە کار بکات، نەیدەتوانی بە هاوکاریی خێرخواز خیزانێک بەڕێوە بەرێت" (ئەحمەد، ٢٠٢٣/٧/٢٩).

یەکێکی دیکە لە ڕزگاربووانی تاوانی ئەنفال؛ "نەبات فایەق"ە، دەڵێت: "لە دوای شەش مانگ لە بەندکردنی لە نوگرەسەلمان، ئازاد کراون و گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان. گوندەکانی تەخت کراوە و لە شۆڕش -پیردییەکان نیشتەجێ بووە. هیچ سەرچاوەی دارایيان نەبووە، ناچار بووە بۆ ماوەی (٧) ساڵ (لە ١٩٨٨-١٩٩٤) جلوبەرگی پیاوان لەبەر بکات و ئیشی گوڵەوەچن و مەڵۆنانەوە و دروێنە بکات. حەوت منداڵی هەبووە، ورد بوون و دووانیان لە شاڵاوی ئەنفال لە نوگرەسەلمان مردوون، ئەو پێنجەی تری تەمەنیان بچووک بوو، نەیاندەتوانی کار بکەن، هەر لە ساڵی ٢٠٠٠دا ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان یارمەتیی داون، مووچەی بۆ منداڵێکی بڕیوەتەوە. کەسوکاریان و خێرخوازان هاوکارییان کردوون، بەو شێوەیە توانیویەتی بژێویی منداڵەکانی دابین بکات" (فایەق، ٢٠٢٣/٨/٧).

ڕووناک حەکیم دەڵێت: "سەرچاوەی بژێویی ژیانی تەنیا ئەوە بوو بەرگدووری بۆ خەڵک بکات و خەرجیی ڕۆژانەی پێ دابین کردووە" (حەکیم، ٢٠٢٣/٧/١٤). بەدریە ئەحمەد دەڵێت: "لە دوای شاڵاوی ئەنفال، لە ناحیەی تەکیەی سەر بە چەمچەماڵ نیشتەجێ بوون لە خانوویەکی کۆن، بە حەسیر و دار بانی درابوو، پەنجەر و دەرگای نەبووە، دواتر هاتووەتە شۆڕش-قادرکەرەم نیشتەجێ بووە. بارودۆخی ئابووریيان زۆر خراپ بووە، ناچار بووە دەست بە کارکردن بکات، لەوانەش گوڵەوەچنی گەنم و نۆک و نیسک و تەونڕستن و لە ڕێگای کەرکووک-چەمچەماڵ بۆ چەندین ساڵ کار بکات" (ئەحمەد، ٢٠٢٣/٨/٢).

وەزیرە مستەفا دەڵێت: "لە دوای ئەنفالەوە لە ساڵی ١٩٩٠ دەستی بە کاری کشتوکاڵی کردووە و بۆ ماوەی چەندین ساڵ کرێکاریی کردووە" (مستەفا، ٢٠٢٣/١٢/٨). ناسکە کاکە ئەمین دەڵێت: "لە شاڵاوی ئەنفال لە تەقتەق نیشتەجێ بوون، بارودۆخی ئابووریيان زۆر خراپ بووە، هەتا ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە بۆ گوندی جەلەمورد و خانووە ڕووخاوەکەی دروست کردووەتەوە. وە کاری دروێنەکردنی ئەو زەوییانەی کە هیی خۆیان بوو و لە لایەن موستەشار و جاشەکانەوە تۆو کرابوون، لە ماوەی ساڵانی (١٩٩١-١٩٩٣) کردووە. دواتریش دەستی کردووەتە بەرهەمهێنانی میوە و فرۆشتوویەتی و منداڵەکانی پێ بەخێو کردووە" (کاکە ئەمین، ٢٠٢٣/٧/١٩).

جەیرانە ئەحمەد دەڵێت: "لە دوای ئەنفال لە شۆڕش پیریادییەکان نیشتەجێ بوون و زۆر هەژار بوون. ئەوەندە بارودۆخیان خراپ بووە، لە مانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بوون، توانای لێنانی چایەکەیان نەبووە. ناچار بووە دەست بە کارکردن بکات و بۆ ئەو مەبەستەیش چووە بۆ سەیدساق و خەریکی گوڵەوەچن بووە. نانی بۆ خەڵک لە بەیانییەوە هەتا سەعات ١٢ی نیوەڕۆ کردووە. لە بەر ئەوەی زۆربەی کەسوکاری ئەنفال بووە، ئەوانیش کە مابوون بارودۆخی ئابووریيان لەو خراپتر بوو، نەیاندەتوانی هاوکارییان بکەن. یەک منداڵی هەبووە، بە هۆی نەبوونی بەڵگەنامەی هاوسەرگیرییەوە سوودمەند بووە لەو ڕێکخراوانەی کە هاوکاریی منداڵانی بێسەرپەرشتیان کردووە. ئەم بارودۆخەیان هەتاوەکوو دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق بەردەوام بووە، تا ئەو کاتەی مووچە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان بڕایەوە و کەمێک باری سەرشانی ژنانی بەجێماوی سووک کرد." هەر چەندە هەموو ئەمانەی باس کران چەند نموونەیەکە لە ژیانی هەزاران ژنانی بەجێماوی ئەنفال (ئەحمەد، ٢٠٢٣/٧/٣٠)، لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی ئەنفال هەمیشە سەرپای هێز بوون لە بەرامبەر ئەو لەمپەرانەی دەهاتنە پێش ژنانی قوربانی. تاوانەکانی ئەنفال ڕووی ڕاست و هێز و توانای ژنیان خستبووە ڕوو کە چۆن ڕووبەڕووی ئەو سەختی و مەترسییانەی ژیان بوونەتەوە، چەمکی لاوازیی ژنیان گۆڕی بۆ کەسایەتیی کەماڵ و بەڕێوەبەر و سەردارێکی لێهاتوو (گەرمیان، ٢٠١٥، ٩).

٣.٣. لایەنی دەروونی

مەبەست لەو نەخۆشییەیە لە ئەنجامی ڕووداوەکانی ژیانی؛ مرۆڤ تووشی دەبێت. لەو کاتەدا پەیدا دەبێت کە کەسەکە تووشی ڕووداوی چاوەڕواننەکراو دەبێت

(مستەفا، ٢٠١٣، ١٧٨). تاوانی ئەنفال کاریگەریی لە سەر باری مرۆڤی کورد لە دوای تاوانەکە جێ هێشتووە، کە خۆی لە نائارامی و دڵەڕاوکێ و خەم و پەژارە و خەمۆکی و ترس لە دووبارەبوونەوەی تاوانەکانی ئەنفال دەبینێتەوە، بە جۆرێک کە کار بکاتە سەر ژیان و تەندروست و تەمەن و سەرجەم بوارەکانی ژیانی ڕزگاربووانی ئەنفال (عارف، ٢٠١٢، ٤١).

بینینی هەموو بارودۆخە ناهەموارەکانی شاڵاوی ئەنفال، لەوانەش زیندانیکردنیان لە بەندیخانەی نوگرەسەلمان و برینی ئاوی پاکی خواردنەوە لێیان و ڕێگرتن لە چارەسەری نەخۆشەکانیان و ئازار و ئەشکەنجەی لاشەیی و دەروونییان بە مەبەستی ناچارکردنیان بە ژیانی کولەمەرگی و نیشتەجێکردنی دواتریشان لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکان (شاخی، ٢٠١٠، ٢٣). وێڕای ئەوەش دەستدرێژیی سێکسی کراوەتە سەریان. یەکێکی دیکە لە ڕزگاربووانی تاوانی ئەنفال؛ "ڕەحمە عەبدولکەریم"ە، دەڵێت: "بە چاوی خۆی بینیویەتی کە چۆن کچێکی ئەنفال تەمەنی لە نێوان (١٤-١٥) ساڵ بوو، لە لایەن هێزەکانی بەعسەوە دەستدرێژی کراوەتە سەری و تووشی نەخۆشی دەروونی بووە، لە خەفەتدا وای لێ هاتووە ئەو کچە بە زنجیر بە پەنجەرەکانەوە ببەسرێتەوە" (حسێن، ٢٠١٧، ١٨٢). زۆربەی ڕزگاربووانی تووشی نەخۆشیی دەرونی کردووە. ئەگەر بڕوانینە ئەو ژنانەی کەسوکاریان ئەنفالن و خۆشەویست و ئازیزانیان لەدەست داوە، خەم و دڵەڕاوکێ بە سیمایانەوە دیارە (عارف، ٢٠١٢، ٤٢). یەکێک لەو نموونانە "جەیرانە ئەحمەد"ە و دەڵێت: "هەمیشە هەست بە دڵتەنگی دەکات لە ماڵەوە، هەر چەندە هەوڵ دەدات و خۆی خەریک دەکات بە کاروباری ماڵەوە، بەڵام بێسوودە" (ئەحمەد، ٢٠٢٣/٧/٣٠).

ژنانی بەجێماوی ئەنفال خەمی قورس و سەختییەکانی خۆیان بە پۆشینی ئەو جلوبەرگە ڕەش و نیلییە تۆخە کە نیشانەی خەمن، لە سەرووی خەمی ئەنفالەوە خەمێکی تریان بۆ خۆیان و دەوروبەریان زیاد کردووە (ساڵح، بێ ساڵی چاپ، ٢٤). "سوهەیلە ستار" بە گریانەوە باسی خەمی لەدەستدانی برا و هاوسەرەکەی دەکرد و دەڵێت: "ئەو کاتەی برا و هاوسەری ئەنفال کراون جلوبەرگی ڕەشی پۆشیوە، هەتاوەکوو ئەمڕۆ بەشداریی هیچ بۆنەیەکی خۆشی ناکات، تەنانەت جەژنی نەورۆزیش ناچێتە دەرەوە، لە بەر ئەوەی براکەی حەزی لە جەژنی نەورۆز بووە" (ستار، ٢٠٢٣/٧/١٩). "نەبات فایەق" دەڵێت: "کاتێک کچەکەی لە زیندان گیانی دەدا، داوای خەیاری کردووە، پێڵاوێکی سەوزی داوەتە دەستی بۆ ئەوەی وا بزانێ خەیارە، هەتا مرد بە دەستیەوە بووە، ئەمە وای کردووە قەت لە دڵی دەرنەچێ و تووشی خەمێکی قووڵی کردووە و بڕیاری داوە هەتا مردن میوەی خەیار نەخوات" (فایەق، ٢٠٢٣/٨/٧). ژنانی بەجێماو هەڵگری دەیان یادی تاڵ و تراژیدین، بووەتە زامێکی قووڵ بە جەستە و دڵ و دەروونیانەوە، شوێنەواری لە سەر هەست و هۆش و نەستیان جێ هشتووە (عارف، ٢٠١٢، ٥٧). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ژنانی بەجێماوی ئەنفال ئەستەمە بگەڕێنەوە بۆ کەسایەتیی پێش تاوانی ئەنفال. ژن بوونەوەرێکی هەستەوەرە و وەفای پاراستنی یادەوەریی بەرزە] جێگای سەرنجدانە هەموو ئەو ژنانەی کە قسەم لەگەڵ کردوون، ئەوەی لە تاوانی ئەنفال تووشی هاتووە هەموویان لەبیرە و بێ هیچ کەموکورتییەک سەربوردەی هەموو ناخۆشییەکانی ژیانیان دەگێڕنەوە] (سلێمان، بێ ساڵ، ٥٠).

کەسوکاری بەجێماوی ئەنفالەکان دەیان ساڵە لە چاوەڕوانیدا بوون، ئەمەش تاکی کوردی تووشی دڵتەنگی کردووە (عەبدولعەزیز، ٢٠٠٥، ٦٧). نێرگز قادر دەڵێت: "لە چاوەڕوانیی هاوسەر و کەسوکارەکەی؛ تووشی دڵتەنگی بووە و هەمیشە خەمبارە بۆیان" (قادر، ٢٠٢٣/٨/٢٨). ئەوەی بارودۆخی ژنانی ئەنفالی تێک شکاندووە هەموو ئەو شتانەیە مایەی ئاسوودەیی ئەوان بوون لە ماڵ و سامان و هاوسەر و کەسوکاریان و هەموویان لەدەست داوە، ئەمەش کاریگەریی لە سەر باری دەروونیی بەجێماوانی ئەنفال هەیە، زۆر جاریش کاریگەریی لە سەر پەروەردەی منداڵەکانیان هەیە (عەبدولعەزیز، ٢٠٠٥، ١١٥).

## ئەنجام

١. ئەنفال ئەو تاوانە بوو لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بە هەشت قۆناغ ئەنجام دراوە، بە ئامانجی لەناوبردنی گەلی کورد و وێرانکردنی کوردستان. بەکارهێنانی وشەی ئەنفال بە سوودوەرگرتن لە سوورەتێکی قورئانی پیرۆز بۆ ڕەوایەتدان بەو تاوانەی بەرامبەر گەلێکی زۆرینە موسوڵمان کە ڕێگەپێدراو نییە لە ئایین و یاسا نێودەوڵەتییەکاندا و وەکوو جینۆساید دانراوە.

٢. تاوانی ئەنفال کۆمەڵێک کاریگەریی نەرێنیی لە سەر کەسوکاری بەجێماوی ئەنفال بە تایبەت ژنان بەجێ هشتووە، شوێنەوارەکانی بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە.

٣. ئەنفال لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی خێزانی کورد و لەناوبردنی کولتوور و دابونەریتی کورد بوو، هەزاران ژنی کوردی بێ هاوسەر کرد و وای کرد لە دوای نەمانی هاوسەرەکانیان ببنە سەرپەرشتی یەکەمی خێزان و کار بکەن دوور لە توانای خۆیان.

٤. نەخوێنەواریی لە ناو کەسوکاری ئەنفالکراوان بڵاو کردەوە، بە تایبەتی ژنان، بە هۆی نەبوونی سەرپەرشت و نیشتەجێبوونیان لە کۆمەڵگای زۆرەملێ و نەبوونی قوتابخانە و هەژاری.

٥. هۆکاری لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بوو، کە پێش ئەنفال پەیوەندیی خزمایەتی و سەردان و گیانی هاوکاری لە نێوان گوندنشینان هەبوو؛ نەماوە.

٦. لە ڕووی ئابوورییەوە هۆکارێک بوو بۆ دارمانی ئابووریی کوردستان، ماڵ و سامانی گوندنشینەکان تالان و وێران کرابوون، ئەوەش کاریگەریی لە سەر تاکی کورد بە تایبەت ژنانی ئەنفال هەبوو، تووشی باردۆخێکی سەختی ئابووری بوونەوە، ناچار بوون کار بکەن بۆ دابینکردنی بژێویی خێزانەکەیان.

٧. لە ڕووی دەروونییەوە ژنانی بەجێماو لە دوای لەدەستدانی کەسوکاریان و ماڵ و سامانیان و ئەو بارودۆخە سەختەی تێیدا ژیاون، تووشی چەندین نەخۆشیی دەروونی بوون.

## پەراوێزی سەرچاوەکان

١. جینۆساید: تاوانێکە بە پێی یاسای نێودەوڵەتی، نکۆڵیکردنی بوون و ژیانی تەواوی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتییە. لە ساڵی ١٩٤٨ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڕیاری لە سەر دراوە. بە پێی بەندی سێزدەیەمین، دوای واژۆکردن و پێدانی دەوڵەتان لە ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٥١ جێبەجێ بکرێت. بڕوانە: (گوڵ، ٢٠٠٣، ل٣٥).

٢. ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان، لە ساڵی ١٩٩١ لە لایەن هێرۆ برایم ئەحمەدەوە لە باشووری کوردستان دامەزراوە. ڕێکخراوێکی ناحکومییە، بۆ یارمەتیدان و هاوکاریکردنی منداڵانی کوردستان دامەزرا. تاوەکوو ئێستاش بەردەوامە. بڕوانە: ماڵپەڕی خاک. https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=15360&type=-farhang

## لیستی سەرچاوەکان:


ئـ ١. بە زمانی کوردی

١. بیارەیی، ئاسۆ (٢٠٠٨)، ژنانی کورد لە دۆزەخی ئەنفالدا، سوید.

٢. پیریادی، زنون (٢٠١٠)، چەمچەماڵ لە چل و پەنجاکانی چەرخی بیستدا، چاپخانەی ڕۆژ، کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکووک، کەرکووک.

٣. حسێن، ئاوارە (٢٠١٧)، جینۆسایدی کورد لە ڕوانگەی یاسای تاوانکاریی نێودەوڵەتییەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

٤. دزەیی، یوسف (٢٠٠١)، ئەنفال کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی موکریان، هەولێر.

٥. دەشتی، محەمەد (٢٠١٣)، ئەنفال لە گەرمیانەوە تا بادینان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر.

٦. ڕیچ، کلادیوس جیمس (٢٠١٢)، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمە باقی، بە رگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٧. محەمەد، زانا فەقێ (٢٠١٢)، جینۆساید لە باشووری کوردستان ئەنفالی گەرمیان بە نموونە، چاپخانەی یاد، بێ شوێن.

٨. زەند، کەریم (٢٠٠١)، جوگرافیای کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی.

٩. ساڵح، عەدالەت عومەر (٢٠٠٢)، ئەنفال و ئافرەتی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

١٠. ساڵح، عومەر هەمزە (٢٠١٧)، جینۆساید و تاوانەکانی ڕژێمی

بەعس دژی بارزانییەکان (١٩٧٥-١٩٩١)، چاپی یەکەم، هەولێر.
١١. سلێمان تەها (بێ ساڵ)، ئەنفال و کۆمەڵکوژیی کورد، چاپی دووەم، بێ شوێن.
١٢. ساڵح، کازیوە (بێ ساڵ)، ڕەهەندی چوارەمی فیمنیزم تیۆری غەم لای ژنانی پاشماوی ئەنفال، بێ شوێن.
١٣. شاخی، مەلا (٢٠١٠)، ئەنفالی چوار لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، چاپی یەکەم، چاپخانەی نەورۆز، کەرکووک.
١٤. عەبدولعەزیز، فەرهاد (٢٠١٣)، ناوچەی چەمچەماڵ لە نێوان ساڵانی هەردوو شەڕی جیهانیدا (١٩١٨-١٩٣٩)، چاپی یەکەم، چاپخانەی زینە، کەرکووک.
١٥. عەبدوڵا، خەلیل (٢٠١٩)، بە جینۆساید ناسینی ئەنفال، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
١٦. عەبدە، زەمان (٢٠١١)، مەرگەساتی ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.
١٧. عارف، ستارە (٢٠١٢)، ئەنفال تاوانێکی دژ بە مرۆڤایەتی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
١٨. عەبدولعەزیز، محەمەد ڕەئووف (٢٠٠٥)، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکانی،چاپی‌یەکەم،وەزارەتی‌ڕۆشنبیری،سلێمانی.
١٩. عەبدول، هێمن باقر و ئەوانی تر (٢٠٠٤)، ئەنفالی سێ و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی لە سەر ژنی پاشماوەی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی تەوار، بێ شوێن.
٢٠. کەریم، سەروەر ئەحمەد (٢٠٠٣)، چەمچەماڵ بەر لە مەملەکەتی ئاشوور تا حکومەتی هەرێم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی.
٢١. گوڵ، مارف عومەر (٢٠٠٢)، پۆلێنکردنی تاوانەکانی ئەنفال بە پێی جۆرەکانی جینۆساید، بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری، سلێمانی.
٢٢. ... (٢٠٠٣)، جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان، سلێمانی.
٢٣. گومبەتی، ئیدریس ئومەر (٢٠١٣)، ئەنفالی زێی بچووک، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
٢٤. گەرمیان، گوڵاڵەی (٢٠١٥)، سێ ژن لە هەزاران ئەنفالدا، چاپی یەکەم، بێ شوێن.
٢٥. مستەفا، زوزان ناسر (٢٠١٣)، ئۆپەراسیۆنێن ئەنفالێ لە کوردستان دەرئەنجام و کاردانەڤە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٢٦. میکائیل، هێمن (٢٠١١)، ئەنفالی چوار و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی لە سەر گەنجی کەسوکاری ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی کاردۆ، کەرکووک.
٢٧. هەنارەیی، ئیسماعیل (٢٠١٤)، ئەنفال دوای چارەکەسەدەیەک، چاپی یەکەم، چاپخانەی زینە، کەرکووک.
٢٨. وەهاب، ئومێد خەتاب (٢٠٢١)، ڕاپەرینی ناوچەی چەمچەماڵ ٣/٧-٥/٤، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی.
٢٩. **٢. بە زمانی عەرەبی**
٣٠. قادر، جبار (٢٠٠٦)، كركوك - الانفال - الكردتركيا، الطبع١، دار اراس لطباعةوالنشر، هولير.
٣١. الفضل منذر (٢٠٠٤)، دراسات حول القضية الكرديةومستقبل العراق، الطبع٢، مطبعة وزارة التربية، هولير.
٣٢. ب. گۆڤارەکان
٣٣. ١. بە زمانی کوردی
٣٤. شوانی، ڕەفیق (٢٠٠٢)، ئەنفال زاراوەی ئەنفال و کاریگەرییەکانی،گۆڤاری هاواری ئەنفال، ژمارە (١) پاییزی، هەولێر.
٣٥. ڕەشید، نەورەس (٢٠٠٢)، ئەنفال پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بەهای سروشت و نرخی یاسا، گۆڤارەی هاواری ئەنفال، ژمارە (١)، پاییزی، هەولێر.
٣٦. ج. نامەی ماستەرەکان
٣٧. ساڵح، چراخان نەسرەدین (٢٠١٥)، دانیشتووانی قەزای چەمچەماڵ، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، بەشی جوگرافیا/ سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی.
٣٨. ح. دیدار
٣٩. عەزیز، نێرگز،)٢٠٢٣/٨/٢٨(، چەمچەماڵ
٤٠. فایەق، نەبات، (٢٠٢٣/٨/٧(، قەرەهەنجیر
٤١. ئەحمەد، مریەم،)٢٠٢٣/٧/٢٩(، سلێمانی
٤٢. ستار، سوهەیلە،)٢٠٢٣/٧/١٩(، چەمچەماڵ
٤٣. ئەحمەد، بەدریە،)٢٠٢٣/٨/٢(، چەمچەماڵ
٤٤. یاسین، تەها،)٣٠ /٢٠٢٣/٧(، چەمچەماڵ
٤٥. ئەحمەد، جەیرانە،)٢٠٢٣/٧/٣٠(، چەمچەماڵ
٤٦. حەکیم، ڕووناک،)٢٠٢٣/٧/١٤(، سلێمانی
٤٧. کاکە ئەمین، ناسکە،)٢٠٢٣/٧/١٩(، چەمچەماڵ
٤٨. مستەفا، وەزیرە، /٢٠٢٣)٨/١٢(، چەمچەماڵ
٤٩. خ. سەرچاوە ئەلکترۆنییەکان:
٥٠. ماڵپەڕی خاک
https://www.khaktv.net/all-detail.aspx?jimare=15360&type=-farhang

**ملخص**

تأثير الأنفال على النساء اللاتي تركن في جمجمال (١٩٨٨-٢٠٠٠)

الأنفال هي إحدى الجرائم التي ارتكبتها الحكومة العراقية ضد الشعب الكردي في جنوب كردستان، وكان لهذه الجريمة أثر سلبي على عائلات الناجين من الأنفال، وخاصة النساء.

تهدف هذه الدراسة إلى عرض جريمة الأنفال والظروف المعيشية الصعبة التي تعيشها النساء الناجيات من الأنفال. واستناداً إلى المصادر العلمية والمقابلات مع الناجين من جريمة الأنفال.

يتكون محتوى البحث من مقدمة وثلاثة أجزاء رئيسية، وينقسم كل جزء إلى عدة موضوعات، في الجزء الأول يتم الحديث عن تاريخ وجغرافية قضاء جمجمال، وفي الفصل الثاني تم عرض مصطلح الأنفال وسياسة الحكومة العراقية في تنفيذ حملات الأنفال، وتم ذكر الأنفال كجريمة دولية، ويذكر في الفصل الثالث تأثير الجرائمة الأنفال على النساء اللاتي تركن في جمجمال (١٩٨٨-٢٠٠٠). وفي كل موضوع يشار إلى جوانب الاجتماعية والاقتصادية والنفسية.

وفي النتيجة يمكن القول: أن الأنفال كانت جريمة مخططة، وكان هدف الحكومة العراقية هو تدمير الفرد الكردي والأرض الكردية وتدمير نظام المجتمع الكردي.

الكلمات الدلة: الأنفال، جمجمال، المرأة، الجريمة.



# Abstract

the effects of Anfal crime on the remaining women of the Chamchamal border from (2000-1988)

This article's abstract focuses on the Anfal crime committed by the Iraqi government against the Kurdish people in southern Kurdistan, specifically highlighting its negative impact on the Anfal survivors, particularly women. The research is based on scientific sources and interviews with individuals who experienced the Anfal crime, with a specific focus on their role as family care providers. The content of the research is divided into three main parts, each containing several topics. The first part explores the history and geography of the Chamchamal district, while the second part delves into the concept of Anfal and the Iraqi government's policy in carrying out these incidents, considering Anfal as an international crime. The third section examines the effects of Anfal crime on the remaining women of the Chamchamal border from 1988 to 2000, covering social, economic, and psychological aspects. The conclusion drawn is that Anfal was a criminal program with the Iraqi government aiming to destroy the Kurdish individuals, their territory, and the Kurdish community as a whole.

Key words: Anfal, Chamchamal, women, crime.